

## مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق:

# بەعس بەبەکارهێنانی وشەی ئەنفال هەوڵی شێواندنی ئیسلامی داوە، کاتێك لەژێر پەردەی ئایندا ناوی سوورەتێکی قورئانی بۆ ئەنجامدانی کارەساتێکی کۆمەڵکوژیی بەکارهێناوە

نووسەرو توێژەر مامۆستا عەبدولڕحمان سدیق لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی (ئەنفال لەڕوانگەی ئیسلامەوە) تیشك دەخاتە سەر ئەو کارەساتە جەرگبڕە، وە بۆچی ناوی لێنا ئەنفال؟ جیاوازی ئەو ئەنفالە لەگەڵ ئەنفالی ناو قورئان چییە؟ ئەی چی بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕووداوەو ئەرکێکی ئێستاو داهاتوومان چییە؟

نووسەر پێی وایە ئەنفال لەئیسلامدا تەنها شتومەکی بەجێماوی مەیدانی جەمگی نێوان موسڵمانانو بێباوەڕان بووە.

بەعس بەبەکارهێنانی وشەی ئەنفال هەوڵی شێواندنی ئیسلامی داوە، کاتێك لەژێر پەردەی ئایندا ناوی سوورەتێکی قورئانی بۆ ئەنجامدانی کارەساتێکی کۆمەڵکوژیی بەکارهێناوە.-پێویستە بەردەوام بین لەو هەوڵە ستاتیژییەی ماوەیەکە دەیدەین بۆ جێکردنەوەو دانانی کارەساتەکە لەخانەی ڕاستەقینەی خۆیدا کە (جینۆساید)ەو، چەندین ماددەوبڕگەی بۆ تەرخان کراوە لەیاساو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا، لێرەوە دەتوانین کارەساتەکە بەجینۆساید ناوبەرین، هەروەکو زۆرێك لەوناوانەمان گۆڕیی کەرژێمی بەعس لەشارو شارۆچکەو گەڕەكو شەقامو دامەزراوە فەرمییەکانی نابوو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی.

دابەشکردنی خاكو، ژێردەستەکردنی گەلانو بەزۆر پێکەوەلکاندنیان بەخاكو گەلانی سەردەستەوە، هەمیشە کارەساتی کۆمەڵکوژیی و جینۆسایدی گەلانی ژێردەستی لێکەوتۆتەوە.

هەتا زەمانو زەمینە سازبێت بۆ هەر زمانێك کەتاکڕەویی خۆیو، تەنهایی ڕەگەزەکەی ڕابگەیەنێت، ئەوا بەکۆمەڵکوژیی و جینۆساید کۆتایی نایەت.

هەروەها تەواوی خاڵەکانی ئەنفال لەتوێژینەوەکەی مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق دەخوێنیتەوە، دەقی ئەو توێژینەوەیە لەسایتی (زنایان) بەشی (کتێبخانەی زانایان) بخوێنەوە.

---

# قەتڵوعامی بەناو ئەنفال

# برینێکە تەنها بە تەبایی و یەکڕیزی سارێژ دەبێت



**مەلا ئیدریس ژاڵەیی- کەلار**

لەمانگی (شوبات) هەتا (ئەیلولی) ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەدناوو لەناوچوی بەعس لەعێراق لەپرۆسەیکی سەربازی بێ وێنەدا زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندی ئاوەدانی کوردستانی بە مزگەوتو تەکیەو خانەقاکانەوە خاپور کرد، هەموو کێڵگەو لەوەرگەو باخەکانی سوتاند نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لە ژنو پیاو منداڵو پیرو لاو کە هەموویان مەدەنیو هاوڵاتی و دانیشتووی ناو ماڵو گوندەکانی خۆیان بوون هەموویانی ڕاپێچ کرد بەرەو مەعەسکەرو زیندانەکان سەرەنجام بەرەو نوگرە سەلمانو لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان زیندە بەچاڵی کردن کە تەنها چەند کەسێکیان بەزیندووی گەڕانەوە کە ئەوانیش لەکۆمەڵگە زۆرە ملێکاندا تووشی خەمۆکی و تێکچونی باری دەرونی هاتن.

ڕژێمی بەعس بۆیە ناوی (ئەنفال)ی بۆ ئەم پرۆسە خوێناوییە هەڵبژارد تاوەکو ئەم قڕکردنە بداتە پاڵ ئیسلامو قورئانی پیرۆز هەروەها شەرعیەن بدات بە پرۆسەکەو خۆڵیش بکاتە چاوی جیهانی ئیسلامیو ڕایگشتی جیهانی بێ دەنگ بکات، شایانی باسە ناولێنان لەفەرهەنگی بەعسو سەرۆکەکەیدا سیاسەتێکی هەمیشەییو بەردەوام بوو، هەر کارو پڕۆژەیەك کە خزمەتگوزاری بوایە ناوی خۆیو حیزبەکەی لێدەنا وەکو: مستشفی صدام- حی البعث- مدینة الثورة- سد صدام- نهر القائد، وە بۆکارە دزێوو کاولکارییەکانی کە زۆربەی کارەکان بوون ئەو ناوانەی لێ دەنان کە لەلای ئەو خەلکە پیرۆزو جوانن، بۆ ئەوەی هەم بێزراوو ناشیرینیان بکات، هەم لەپاڵیاندا خراپەکاریەکانی پەنا بدات، قەتڵو عامو کیمیابارانی گەلی کوردی موسڵمانی بە ئەنفال ناو دەنا، ئەو ڕۆکێتەی ئێرانی شیعە مەزهەبی پێ بۆردومان دەکرد ناوی (الحسین)و (العباس)ی لێدەنا، دەزگای تۆقاندنو سیخوری بە (منظمة الفاروق) ناودەنا، سەربازگەی ترسناك و جێگەی تەحقیقو کوشتاری مرۆڤی ناودەنا (خالد بن ولید)، هەموو کەسێکی بەویژدان دەزانێت بەهیچ شێوەیەك ڕوای هەق نیە



ئەو کاولکاریانە بەو ناوە پیرۆزانە ناو بنرێت، بەتایبەت پرۆسەی قەتڵوعام کردنی میلەتی کورد بەناوی ئەنفال، کە سورەتێکی قورئانی پیرۆزو جیاوازییان وەکو ئاسمانو ڕێسمانە.

چەند غەدرێکی گەورەیە لە قورئانو لە گەلی کورد کراوە، کاتێك ئەوناوە پیرۆزە بەسەر ئەو کاولکاریو کوشتوبڕەی سەر گەلی کوردا سەپێنراوە، پرۆسەی سەربازی بەناو (ئەنفال) یان ترسناکترین جینۆسایدی سەدەی بیستەم هێندە شوم و کارەسات هێن بوو کە بەزمان دەرنابڕێتو، بەنوسین تەعبیری لێ ناکرێت، مەگەر تەنها ئەوانەی بەرکەوتووی پرۆسەکە بوون بزانن ساموو ترسی ئەو کارساتە چەندە مەی کوڕانی ئەو ڕۆژگارە کە دیمەنەکانی چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەو شاڵاوەمان بەچاوەکانی خۆمان بینیوە، بەبیرکەوتنەوەی ئەم کارەساتە هەستو ناخمان دێتە جۆشو خرۆش، لەیادی ئەمساڵیشدا ڕوو دەکەمە هەمووان، بەتایبەت سەرکردە خەمخۆرەکان، حیزبە سیاسیە تێکۆشەرەکان، تاكو کەسایەتیە کاریگەرەکان، دڵنیام بە ئەزمونی تەمەنی ڕابوردوو تازەتان، دەزانن کە ناحەزو دوژمنانی گەلەگەمان لەپێناوی دژایەتی کردنو زەوت کردنی مافەکانمان یەکبەرەو یەکدەنگن، تکایە ئێوەش لە پێناوی پارێزگاری کردن لە ناوی پیرۆزی کوردستان، پارێزگاری لەیەکگرتووی ماڵی کورد بکەن، ئەگەر دەتانەوێت برینی کورد قرانی بەناو ئەنفال سارێژ ببێت، ئەگەربەڕاستی دەتانەوێت فرمێسکە گەرمو ناشادەکان ووشك ببنەوە ئەوا تەنها بە تەباییو یەکڕیزی، بەلێبوردنو لێکگەیشتن دەکرێت، دوا جار دەڵێم ئەگەر وانەکەن ئەوا هەتا هەتایە گەلی ستەمدیدەی ئەنفالو کیمیاباران نا ئومێدو دڵڕەنجاو دەکەن.

تێبینی: بۆ ئەم بابەتە سوودم لە کۆڕێکی بەڕێز مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق وەرگرتووە.

* وتارخوێنی مزگەوتی شەهید ئیبراهیم لە ڕزگاری.

---

# پڕۆژەی پێشکەوتنی پرسی ئەنفالەکانی کوردستان



**شوان رابەر**

لەبەرئەوەی کورد بەهۆی ئەنفالکردنی لەلایەن ڕژێمی حزبی بەعسی عێراقی لەهەشتاکان زەرەرو زیانێکی ماددیو گیانی زۆری لێکەوتووە، بۆ وێنە ١٨٢ هەزار کەسی ئەنفالکراوە، (٥) هەزارگوندو ئاوایی وێران بووە، (٥٠٠) هەزار کەسی لەسەر ماڵو حاڵی خۆی هەڵقەناوەو لەئۆردوگا زۆرە ملێکان جێگیرکراوە، ئەنفال بۆتە لەکەیەکی شوم بەنێو چەوانی ڕژێمی عێراق، بۆتە کارەساتو تراژیدیاو پێناسەی مەزلومیەتی کوردو تاوانێکی گەورەو جەرگبڕی نێودەوڵەتی، کەچی تائێستا وەکو پێویست کێشەی ئەنفال گەورەو دیکومێنت نەکراوەو هەقی خۆی پێ نەدراوە،ئەنفالکراوان بێ نازنو مافی خۆیان پێنەدراوە، ئیجرا ئات لەگەڵ تاوانباران نەکراوە، ولاتان هەلوێستیان نەبووە....، لەچەند خاڵێکدا کورتە پڕۆژەیەك دەخەین ڕوو بۆ بەرز ڕاگرتنو بەهێزکردنی کێشەی ئەنفالو گرنگی دان بەناوچەو خەڵکە ئەنفالکراوەکان، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە هەمیشە بەزیندوویی بمێنێ تەوەو زامەکانیش سارێژبن.

**١- بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال:**
پێویستە گەلی کورد بەهەموو کەسو دەزگاکانیەوە لەهەموو ئاستو ناوەندێکەوە بەهەموو جۆرو شێوازێکەوە هەمیشە هەوڵ بدا ئەم کێشەیە لەبەرچاوی سەرکردایەتیو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیەوە گەورەو مەغدورو دیکیۆمێنت بکاو، بەجینۆسایدو کوشتارو گشتی بناسێنیو مافو پرانسیسپەکانی دابین بکات، بەبڕیارێکی یاسایی نێودەوڵەتی دان بەجینۆسایدی کورد دابنرێ، دونیا لەوە ئاگادار بکرێتەوەو بەڵگەو تابلۆی هەمەجۆریان بخرێتەڕوو، داوایان لێبکرێ بێنە کوردستانو شوێنەواری ئەنفالو کاولکاری ببینن، هەڵوێست وەرگرن، شاندی ئەنفالکراوەکان داوەتی دەرەوە بکەن، کۆڕو میهرەجان لەسەرئەوە گرێ بدەن، وبەزوبانی ئینگلیزیو عەرەبی بەرنامە لەسەر ئەنفال پێشکەش بکرێ، کتێبی لەسەر بنووسرێ.

**٢- بەهێزکردنی دۆسێی ئەنفال:**
پێویستە لەهەمووڵا بەهەموو شێوەیەك بەبەڵگەو نموونەو کتێبو فایلو ئیفادەو.. هەرچی هەیە دۆسێی ئەنفال بەهێزو دەوڵەمەند بکرێ، هەرکێی شتێك لەبارەی گرتنو کوشتنو وێرانکردنو ئەنفالکردن دەزانێ زانیاری لەسەر ئەوە بداو بنووسیو کۆبکرێتەوەو ئەم پرسە زۆر تۆخو گەورە بکرێ لەڕێی نووسەرو ڕۆژنامەنووسو پیاوانی ڕژێمو شایەدحاڵو ئەنفالکراوو بیانیەکانو... هتد. هەرچی هەیە لەسەر ئەنفال کۆبکرێتەوەو بکرێتە بەڵگەو لەم دۆسییە دابنرێو کاری لەسەر بکرێت، بەپارە شت بکڕدرێتو، ڕێکخراوو سەنتەری تایبەت بەئەنفال بکرێنەوەو کاری لەسەر بکەن، لەحکومەتی هەرێم بودجەی بۆ سەرف بکرێ، توژینەوەی لەسەر بکرێ، نووسینەکانی لەسەر کۆبکرێنەوە، ئەنفال هێماو پێناسو پەیڕەوێکی هەبێت.

**٣- دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفال:**
زانیاری وردو تەواو لەسەر سەرجەم ئەو کەسانە کۆبکرێتەوەو دەرزو تۆمار بکرێ کە بەشداریان لەپرۆسەی ئەنفالکردووە، پێ بەپێ بەدادگاییەکی عادیلانە دادگا بکرێن، سزایان بەسەر دابسەپێ لەهەرئاستو پۆستو شوێنێك بن، بەداخەوە ئەوەی ئەنفالیان کردووە لەکوردستانو لەعێراق لەئاستی بەرزن، ٥٥ مستەشار بەشداریان لەئەنفال کردووە کەچی زۆربەیان مانگانە (٥) ملیۆن دینار وەردەگرن کەچی ئەنفالکراوان بێ بەشن، ئەوە گەورەترین تاوانە، بەڵێ با لێبووردن هەبێ، وەلێ چۆن زاڵم لە مەزلوم لەپێشتر بێ، پێویستە دادگایی تاوانباران بکرێ، بەتایبەت سەرانی ڕژێمو بەرپرسو بەشداربووانی حکومەت، ئەگەر وانەبێ ئەنفالکراوان ئەنفالتر دەکرێن، زامدار تردەبن، میللەت زیاتر دڵی دەڕەنجێو لەکورد بێ متمانە دەبێ.

**٤- دۆزینەوەو گێڕانەوەی گۆڕەکان:**
پێویستە بەهەموو شێوەیەك لەڕێی دەرەوەو ناوەوەو خەڵك هەوڵبدرێ گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەدەرەوەو لەناوەوە بدۆزرێنەوەو کەشف بکرێن، دواتر لەڕێو ڕەسمێکی شایستەو شکۆدار بگەڕێنرێنەوە بۆ کوردستان، هەر چەند زامی خەڵك دەکولێتەوە، وەلێ ئیجاباتی زۆرە، بانهێنییەکان زیاتر کەشف بن، با دونیای دەرەوە زیاتر بزانێ کورد چەند مەزلومەو چۆن جینۆساید کراوە، با بەڵگەمان بەهێزتربێ، خەڵك بەچاوی خۆی هێسكو پڕوسكو پەیکەرەکان ببینێ، ئێستا زیاتر لە (٣٠٠) گۆڕی بەکۆمەڵ ماوە، بابەدۆزینەوەو گێڕانەوەیان نهێنی زیاتر دەرکەون، بەڵگەمان بەهێزتر بێ، دڵی خانەوادەکان بسرەوێ کە نەماون، خەڵك لە چارەنووسی خۆی بگات، تا گۆڕەکان بدۆزرێنەوەو تاوانی ڕژێمی بەعسو مەزلومیەتی کورد دەردەکەوێ.

**٥- داننانی بەغداد بەئەنفالکردنی کورد:** پێویستە حکومەتی ئێستای بەغدا ناچار بکرێ بەڕەسمی دان بەکارەساتو پرۆسەی ئەنفال دابنێ دژی میللەتی کورد، داوای لێبوردن لەمیللەتی کورد بکا، خەڵكو ناوچە ئەنفالکراوەکان ئاوەدانو قەرەبوو بکاتەوە لەسەر بودجەی عێراق، کارەساتی ئەنفال پڕۆتستۆ بکات، مافو ئیمتیازات بەکەسو کارو ناوچەکەیان بدات.

**٦- یادکردنەوەو قەرەبوکردنەوەی:**
پێویستە ئەنفالەکانمان بەئیجابی هەمیشە لەیادبێ، ساڵانە یادیان بکرێتەوەو پەندیان لێ وەربگرین، بەڵام بەشێوەی ڕۆتینیو برین کولاندنەوەنا، بەڵکو حکومەتی هەرێم ساڵانە پرۆژەی چاكو گونجاو پێشکەش بەئەنفالکراوان بکا، قەرەبوویان بکاتەوە بە: ئاوەدانکردنەوە، موچە دابین کردن، خانوو بۆ کردن، خزمەتگوزاری بۆ دابین کردن، چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، خوێندنو بیمەی تەندروستیو خانەنشین بۆ دابین کردن، مشور خواردن لەیەتیمو هەژارو بێ وەژنان، ئاژەڵو پەلەوەر بۆ کڕین، سەیارەو ئامێر بۆ دابین کردن.

**٧- سۆراغکردنی ئەنفالکراوان:**
هەرچەندە زۆر زەحمەتە ئەنفالکراوان لەهیچ شوێنێك مابن نەخاسمە وەکو گرتنو زیندانی، وەلێ شتێکی چاکە کورد هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی ئەنفالکراوە زیندوەکان بدا لەدەرەوەو ناوەوە، مەبادا لەوڵاتانی دراوسێ مابن، یاتاکو تەرا لەناوخۆو لەدەرەوە گوم بن، یا بەکۆیلەو خزمەتکار لەماڵان مابن، پێویستە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی سۆراغو دۆزینەوەیان بدرێت، بگێڕدرێنەوە ناو ماڵو حاڵی خۆیان، سەیرنییە تاکو تەرا مابن، یا لەوڵاتانی دراوسێ گوم کرابن.

**٨- چارەسەرکردنی ئەنفالکراوان:**
بێگومان ئەنفالکراوان بەجۆرەها شێوە نەخۆشو شەکەتو دەردەدران، بەتایبەت ئەوانەی کیمیاییان لێ بەکارهاتووە یاگیراون تازیبو ئەشکەنجە دراون دوچاری سەرماو گەرماو برسێتی هاتوون، توشی نەخۆشی بوونە، پێویستە لەدەرەوەو لەناوەوە لەسەر حسابی حکومەت چارەسەر بکرێنو ئەوپەڕی گرنگیان پێ بدرێت.

**٩- دابینکردنی مافوئیمتیازاتە پێویستەکان بۆکەسوکاری ئەنفالکراوان.**

**١٠- قۆزستنەوەوبەکارهێنانی پرسی ئەنفال بە چاکە بۆ کێشەی نەتەوایەتیو کەسوکاری ئەنفالکراوان.**

## شێوازی ژن مارەکردنو گواستنەوە

# مامۆستایانی ئایینی نیگەران کردووەو دەخوازن ئەو شێوازە بگۆڕدرێت

ئا: مەلا تەیب زیارەتی

دیارە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەك پرۆسەی ژن مارەکردنو دواتریش گواستنەوەی بەپێی کاتو شوێنو نەریتی ئەو کۆمەڵگەیە لەیەکتر جیاوازن، لەهەندێك کۆمەڵگە بەیەك رۆژ ئافرەتەکە مارەدەکرێتو هەمان رۆژ دەگوازرێتەوە، لەجێگای تر بە چەند قۆناغێك کۆتایی پێدێت، جاری یەکەم داخوازی دەکرێت، دواتر مارەکردن، پاشان نیشان کردن، لە کۆتایدا گواستنەوە، هەڵبەتە هەرێمی کوردستانیش سالانە ئەم پرۆسەیە زیاتر دەبێتە ئەستەم لەبەردەم هاولاتیانداو ئاواتە خوازن دیاردەی شتی لاوەکی کە دەبنە مایەی نیگەرانی بنبڕ بکرێت، مامۆستایانی ئایینیش بەحوکمی ئەوەی زۆر گرێبەستی مارەبڕین بۆ خەڵك ئەنجام دەدەن، زۆر لێی نیگەرانو بەشتێکی قورسو دوور لەشەرع لەقەڵەمی دەدەن.

قسە کردنی ئیمە لەو راپۆرتە لەسەر ئەو تەوەرەیە بۆ ئەوەی بزانین بۆچی خەڵك لەم شێوازەی ژن مارەکردنو گواستنەوە نیگەرانن؟ تاچەند ئەم شێوازە لەگەڵ شەرعدا یەك دەگرێتەوە؟ دەبێت چ خەرجیەکی تێ بچێت تاکۆتایی پێ دەێت؟ ئەی چارە سەری ئەم دیاردەیە لەکوێیە؟ کە بەشداربووانی ئەم راپۆرتە بۆ خوێنەران باسی لێوە دەکەن.

مامۆستایەکی ئایینی:

## زۆر جاران لە ژن مارەکردندا هەل هەلەمان لەسەر لێدەدەن

چەند مامۆستاییێکی ناودار رایدەگەیەنن، کە چیتر مارە بڕین بەو شێوەیە ئەنجام نادەن، هەروەك مامۆستاییێك پێی راگەیاندینو گوتی: ئێمە کە دەچینە مارەبڕین دڵمان زۆر خۆشە کە دەبینین کچێكو کوڕێك لەسەر شەریعەتی ئیسلام ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن، بەڵام کە دەچین، زۆرجاران پەشیمان دەبینەوەو هەست بەشەرمەزاری دەکەین بەرامبەر خودا، کە دەبینین ئەو هەموو بێ شەرعیە ئەنجام دەدرێتو بەگوێشمان ناکەن، کە پێیان دەڵێیو باسی بێشەرعیان بۆ دەکەیت دەڵێن: دەی مامۆستا قەی چیە هەر رۆژێکەو دەبرێتەوە، کەچی نازانێت خۆشترینو ئەساس ترین رۆژ بەگوێی شەیتان دەکاتو خودا لەخۆی تورە دەکاتن، هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ئەو مامۆستایە ئەوەشی گوت: جاری وا هەیە هێشتا مارە برینەکەمان تەواو نەکردوە هەندێك لە ئافرەتان هەل هەلەمان لەسەر لێدەدەن، هەرئەوەبوو منو کۆمەلێك مامۆستا بریارمان داوە کە تاکوو ئەم بێشەرعیانە چاك نەکرێن ئێمە ناچینە ئەو جۆرە مارە بڕینانە، هەروەك داواشی لەمامۆستایانی ئاینی کرد کە نەچنە ئەم شوێنانەو تێیدا ئامادە نەبن، تا ئەو خەڵکە خۆی چاك نەکاتن، چونکە سوکایەتیەکی یەکجار زۆری بۆ مامۆستایانی ئاینی تێدایە.

مامۆستا مەلا یوسف شافیعی پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی حاجی سەنیە لەشاری هەولێر سەبارەت بە شەرعیو بێشەرعی ئەم پرۆسەیە بۆ رۆژنامەکەمان هاتە ئاخاوتنو گوتی: هاوسەرگیری پرۆژەیەکی زۆر گەورەو پیرۆزە، خودای گەورە لەقورئانی پیرۆز (٧٠) ئایەتی بۆ تەرخان کردوە، کە پێی دەگوترێت (أحكام الأسرة) بۆیە ئیسلام هانی خەڵکی دەدات بۆ ئەوەی پرۆژەی هاوسەر گیری پێك بهێنن، بەڵکوو هاوسەرگیری سوننەتی هەموو پێغەمبەرانە، ئەوان پێشەوای ئێمەن، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً) وەپێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی (أربع من سنن المرسلين الحناء والتعطر والسواك والنكاح رواه الترمذي) واتە: چوار شت لەسونەتی پێغەمبەرانن شەرمو حەیاو بۆنی خۆشو سیواكو هاوسەرگیری.

- هاوسەرگیری بۆ ئەوەیە تاکو خێزانێکی بەختەوەر دروست بکەن، خێزان کۆمەڵگەی بچوکە کۆمەڵگەی گەورەش لەشارو دێهات پێك هاتووە، کەواتە کۆمەڵگەی گەورە لەو کۆمەڵگە بچوکانە پێك هاتووە، کە خێزانە، خێزانیش لەژنو مێردو منداڵ پێك هاتووە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو پرۆژەیە چەندە گەورەیە لەروانگەی ئیسلامەوە، وەچەند گرنگی پێدراوە خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)، خۆش گوزەرانی خێزانو منداڵ پەیوەستە لەسەر هەلبژاردنی هاوسەر پێویستە کوڕ کچێکی باشو چاكو دیندار هەلبژێرێت، وەهەروەها کچیش پێویستە کوڕێکی چاكو دیندار هەلبژێرێت لەسەر ئارەزوو عاتیفە بازی نەبێت، هەروەك خۆشەویستمان(ﷺ) دەفەرموێت (تنكح المرأة لأربع لمالها ولحسابها ولجمالها ولدينها فاظفر بذات الدين تربت يداك) واتە ئافرەت خواز بێنی دەکرێت بۆ چوار مەبەست لەبەر خاتری پارەو پولی یان لەبەر نەسەبی وەیان لەبەر جوانی یان لەبەر دینی، بەڵام تۆ خاوەن دین هەلبژێرە بۆ ئەوەی بەرەکەت دار بیت.

دوای هەڵبژاردن کە کچەو کوڕە بەیەکتر رازی بوون، ئینجا گرێبەست لەبەینی کچەو کوڕە پێك دەهێندرێت بەحوکمی ئەوەی ئێمەی مامۆستایانی ئاینی زۆر گرێبەستی مارەبرین دەکەین، کورو کچ لێك مارە دەکەین، بەڕاستی ئێمە دڵمان زۆر خۆش دەبێت کە لەناو کۆمەڵگە چەندین گرێبەستی زۆر بێ، مانای وایە کێشەو گرفت کەمتر دەبێت، هەر کاتێك کۆمەڵگە بەربەستی زۆر دروست بوو کچ نەیتوانی شووبکاتو کوڕیش ژنی نەهێنا لەو کاتەدا کێشەی خێزانی زۆر دروست دەبیت، گرێبەستی کچو کوڕ بەداخەوە نارێکی زۆری تێکەوتووە خەریکە لەمیساری خۆی دەربچێت، وای لێبێت مامۆستایانی ئاینی رویان نەبێت بچنە گرێبەستی مارە برین، من بەش بەحالی خۆم ئێستا ژن مارە ناکەمو وەچەندین مامۆستای تریش بەهەمان شێوە وازیان لێهێناوە، لەبەر ئەو هەموو نارێکیانە کە ئێستا لەکاتی مارەبرین دا هەیە، نارێکیەکانی مارەبرین لەو خالانە خۆی دەبینێتەوە:

١- کچەکە دەبردرێتە ئارایشگا لامان سەیرە بۆچی لەکاتی مارە برین ئەو کچە دەبردێتەوە ئارایشگاو دەرازێندرێتەوە، چەند جارێك ئێمە لەناو مەجلیس دانیشتینە پێم گوتونە باشە با دەست پێبکەین، گوتویانە: مامۆستا جارەك ئامادەنینە هێشتان کچەکە لەئارایشگا نەهاتووتەوە کەچی دەیان کەس دانیشتونە چاوەڕێی خاتون دەکەن.

٢- نیشان کردن (ختوبە) لەو شەوەی مارە دەکرێت هیچ مەعقوڵ نییە ماڵی زاوا تەسجیلەکی گەورەیان ئامادە کردووە هەرئەو کاتەی گرێبەستەکە تەواو بوو هێشتا مامۆستا نەچویتە دەرەوە دەست بەجێ دەست دەکەن بەهەلپەرکیو چەپلە لێدان، تاکو نیوەی شەو بەبێ ئەوەی گوێبدەن بەو تاوانو گوناهانەی کە دەیکەن، بێئەوەی حیساب بۆ دراوسێو میوانو نەخۆش بکەن، کە ئیسراحەتی هەموو دراوسێ تێك دەچێت.

٣- خەڵکێکی یەکجار زۆر دەعوەت دەکرێت، لە کەسو کاری هەردوو لایەکان ژن مارە کردن ئەو هەموو خەڵکەی بۆچیە کە چەندین ئۆتۆمبێل لەماڵی زاوا دێنو چەندی تریش ماڵی بووك ئەو ماڵەی کە دەچیتە ئەوێ خانوەکی ١٠٠ مەترە وەهیچ شوێنێك نییە هەمووی پڕ دەبیت لەخەڵك جادەو غورفەو سەربان هەمووی گیراوە.

٤- خەڵکی زۆر نارێكو نا ئەهل بانگهێشت دەکرێت، کە هیچ لە ئادابو رەوشتو مەجلیسی ژن مارەکردن نازانێت، رێزیش لە کەس ناگریت، بەس ئاواتو ئامانجیان هەلپەرکیو شاییە وەزۆریش بێڕێزن بەرامبەر بە مامۆستایانی ئاینی، کە ئەو مامۆستایانە بەبێ بەرامبەر هاتینە ژن مارە بکەن، پێیان ناخۆشە ئەو دە دەقیقەی مامۆستا وتار دەدات گوێی بدەنێ.

نموونە جارێکیان مامۆستایەك لەپێش عەقدی نیکاح گرێبەست قسەی بۆ دەکردن، یەکێکیان پێی گوت: مامۆستا بەسە ئەوەندە درێژەی بۆ دەدەیتێ، جارێکی تر من چوومە گرێبەستێك هێشتا بەخێرهاتنیان لێنەکردبووم یەکێك گوتی: زووبە مامۆستا ژنەکە مارە بکە منیش گوتم تۆ زاوای؟ گوتی: نەخێر تۆ باوکی کچەکەی؟ گوتی: نەخێر تۆ شاهێدی؟ گوتی: نەخێر ئەی تۆ چی؟ لەو مەجلیسە!!!

٥- کوڕەکە یان کچەکە نوێژ ناکەن یان پابەند نین بەئاینی ئیسلام لەکاتی گرێبەست لەکوڕەکە دەپرسی نوێژ دەکەی دەڵێت: نەخێر نوێژی چی یان لە کچەکە دەپرسی ئەویش نەخۆی داپۆشیوە نەنوێژیش دەکاتن، هەندێکیان لەکاتی مارە کردن جلێکی زۆر ڕووت لەبەردەکات نازانم چۆن شەرم لەباوكو ئەو خەڵکە ناکاتن، دەڵێن فەرموو مامۆستا قراری لێوەر بگرە مامۆستاش دەچێتە ژورەوە دەبینی ژورەکە پڕە لە ئافرەتی رووتو رازاوە جا مامۆستا قراری چ وەربگرێت لەو شێوازە. هەرچەندە ئەوە مانای ئەوە نییە کە خەڵك هەمووی خراپ بێت.

### تێبینی پێشنیار دەکەم بۆ ژن مارەکردن

١- هیچ مامۆستایەك کە بینی ئەو نارێکیانە لەژن مارە کردندا هەیە بەشداری نەکەن، لەو جۆرە مەجلیسانە، چونکە ئەرکێکی ئاینیە بەڵام پڕە لەمونکەر ئێمە ئەبێت ئەو مونکەرە بگۆڕین.

٢- یەکێتی زانایان لەگەل دادوەرە بەرێزەکان چەند مامۆستایێکی ئاینی دیار بکەن لەهەر گەرەکێك ئیجازە بەیەك کەس بدرێت کە ژن مارە بکاتن، واتە (المأذون الشرعي).

٣- داوا دەکەین هەموو مامۆستایانی ئاینی داوا لەخەڵکی بکەن با خەڵك بێتە مزگەوت بۆ گرێبەستی مارە کردن نەوەك مامۆستا لەدوای خەڵك بچێت، کە پێم وایە زۆر نارێکە بۆ مامۆستایان بەم شێوەیە.

وتەبێژی یەکێتی زانایان:

## ئەگەر بڕیاری رێگە پێدراوی شەرع جێگیر بێت رێژەیەکی بەرچاو لەو بێ شەرعیانە بنبڕ دەکرێن

لەو بارەوە وتەبێژی یەکێتی زانایان مامۆستا جەعفەر گوانی پێی راگەیاندین: هەر لەدوای کۆنگرەی پێنجەمەوە زۆر بەگرنگیەوە تەماشای ئەو باسەمان کرد، چونکە خزمەتێکی ئاینیو کۆمەلایەتیو ئەمنیو نیشتمانییە، بۆیە دوای چەندین دانیشتن لەگەڵ لێژنە جیاوازەکانی پەرلەمان، کردمانە پرۆژەیەك دامانە ئەنجومەنی دادوەری بۆ پێداچوونەوەی لایەنی یاسایی، ئێمە سوپاسیان دەکەین کە هاوکاریان کردین، ئێستاش پرۆژەکە تەواو بووە تەسلیمی پەرلەمان کراوە، هیوادارین لەکاتی گفتوگۆکردندا ئەندامانی پەرلەمانو راگەیاندنەکانو مامۆستایانی ئاینی هاوکارمان بن.

سەبارەت بەوەش ئەگەر ئەو بڕیارە جێگیر ببێت ئەوکات چ کاریگەرێکی دەبێت، بەڕێزی گوتی: یەکەمین شت ئەو فەوزایەی لە ژن مارەکردن هەیە زۆر کەمتر دەبێتن، چونکە ئێستا ئەوەی ژن مارە دەکات نازانی شایەنی ئەوەیە بتوانی مارەبڕین بکاتن یان نا جاری واهەبووە ئافرەتێکیان مارەکردووە هێشتا لەژێر نیکاحی کەسێکی تر بووە یان عیدەی بەسەر نەچووە کە لەوانەیە ئەو بەرێزە وردەکاریەکانی شەرع هەر نەزانێت، بەڵام ئەوکات ئەوەی کە ژن مارەدەکات دیار دەبێتو لێك جیادەکرێتەوەو لەلایەنی دادگاش کار ئاسانیان بۆ دەکرێت، سەبارەت بەو بێشەرعیانەش کە لەکاتی ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدرێتو مامۆستایانی ئاینی نیگەران کردووە، گوانی گوتی: پێم وایە ئەوکات ئەو کێشەیەش تارێژەیەکی بەرچاو بنبڕ دەبێتو چارەسەر دەکرێت، چونکە ئەوکات لەجیاتی ئەوەی مامۆستا بچێتە ماڵەکان ئەوان دێنە لای مامۆستای ئاینی ئەویش دەتوانی مەرج دابنێت بۆ مارەکردن وەك نەبوونی قەلەبالغیەکی زۆرو تێکەلاوی نەکردنی هەردوو رەگەز بەڵکوو ئەو چەند کەسەی پێویستن تەنها ئەوان ئامادەدەبن کە خەرجیەکی زۆریش لەکۆل ئەوماڵە دەبێتەوە.

ئافرەتێك:

## خوازیارین رازاندنەوەی بوکان وەك کاتی خۆی بگەڕێتەوە

ئەم شێوازە مارە کردنو گواستنەوە نەك بەتەنیا مامۆستاو پیاوانی نیگەران کردوە بەڵکو ئافرەتانیش بەشتێکی زۆرنارێکی دەزانن، (درەخشان صالح) قوتابی کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان وەك ئافرەتێك بەم شێوە باسی لە وردەکاریەکانی مارەکردنو گواستنەوە کردو گوتی: بەڕاستی ئەو مارە کردنەی ئێستا دەکرێت شتی زۆر بێشەرعی تێدایە، لەوانە گرتنی هۆل بۆ نیشان کردن (ختوبە)و کواستنەوە یاخود گرتنی باشترینو بەنرخترین ئارایشگا جگە لەبووك کەسو کاری بوكو زاوا لەگەل بوك دەچن لەسەر حیسابی زاوا دواتریش وەرگرتنەوەی جلی مارەبرین بە گرانترین نرخ دواتر وێنە گرتنێکی یەکجار زۆر کە بێگومان ئەمە خەرجیەکی زۆری تێدا دەچێتو جگە لەوەش ئەم وێنەیە لەزۆربەی شوێنەکان بڵاو دەبێتەوە، بەمۆبایل کە ئەمە شتێکی زۆر خراپە بۆ کۆمەڵگەو دەوروبەری، هەر سەبارەت بەوەی کە ئەم هەموو وێنەی بوك دەگیرێت، درەخشان گوتی:

ئافرەتی واهەیە کەوێنەی دەچیتە شوێنێك کە زۆری پێناخۆشەو ناشزانێت چۆن چویتە ئەو شوێنە یەکسەر پەشیمان دەبیتەوەو ئامادەیە کە چەندین پارە بداتن کە وێنەکەی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام سودی نییە جا بۆ ئەوەی پێشی پەشیمانی رووی تێدا بکاتن باشتر وایە خۆی لەو جۆرە بێشەرعیانە بپارێزێت، بۆیە هیوا خوازم کە میللەتی ئێمە سوپاس بۆ خودا کە موسڵمانەو ئەم کارانەش لەگەڵ ئیسلام یەك ناگرنەوە، بۆیە ئاواتی زۆربەی ئافرەتان ئەوەیە کە کاتی خۆی چۆن ئافرەتی کورد دەرازاوە پێی دەگوترا (خەنا بەندان) کە ئەوکات تەنها ئافرەت تێیدا ئامادە دەبوونو ئەو هەمو خەرجییو ماندووبوونەی تێدا نەبوو هیواخوازن ئەو رۆژە بگەڕێتەوە نەك ئەو هەموو بێشەرعیانەی ئەم سەردەمە.

کچێك:

## زۆرجاران لەسەر رێك نەکەوتنی شێوازی گواستنەوەو شتی لاوەکی ئافرەتەکە تەلاق دراوە

(ش.ف) ئافرەتێکی تربوو کە ئەویش بەپەرۆشەوە باسی لەشێوازی بوك گواستەوەی ئەم سەردەمە کردوو گوتی: لەم ژن گواستنەوانەدا بێشەرعیەکی یەکجار زۆر هەیە، هەر لەگرتنی هۆل بۆ گواستنەوە بانگهێشت کردنی خەڵکێکی زۆرو هێنانی گۆرانیبێژ بەپارەیەکی زۆرو یان گرتنی گروپی شایی کە چەند کەسێکن بە پارە ئەم کارە دەکەن، جاری واش هەیە دەبێتە کێشە لەبەینی خزمانی هەردوولا، کە زۆر جار ئافرەتەکە تەلاق دراوە، لەسەر ئەوەی کەسە نزیکەکان نەچونەتە شایی یاخود بەزۆری خەڵکەکە هەڵدەستێنن، بۆ شایی کردن دواتریش لەگەرانەوە خەڵك بێزار دەکەن بە هۆڕن لێدانو گۆرانیو... هتد. هەرکاتێك ئەم دیمەنانە دەبینی وادەزانی سەردەمی جەهالەتو نەفامیە بۆیە ئەگەر ئەم هەموو خەرجیەی لە ژمارەکردن تاکو گواستنەوە دەکرێت ئەگەر پارەکە کۆ بکەیتەوە بدەی بەو ژنو مێردە کە تازە ژیانی هاوسەریان پێك هێناوە کە لەوانەیە زۆر قەرزاربن ئەوا بێگومان بۆوان جێگەیەکی باش دەگرێتو کارەکانیان ئاسان تردەبێت.





مامۆستا مەلا یوسف شافیعی:

## بڕیار دەدەن چیتر مارەبڕین بۆ خەڵك نەکەن





taybzyarati@gmail.com

# بەکار هێنانی مۆبایل لەنێوان سوود وەرگرتن‌و بێزارکردندا

**مەلا دلشاد گەلاڵی**

مۆبایل هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ کورت کردنەوەی ڕێگاو بەفیڕۆ نەدانی کات، لەسەردەمی رابردوودا ئێمە ئەگەر کارێکمان هەبوایە لەنێوان شاری خۆمان‌و شارێکی تریان واتە لەو شوێنەی کە ئێمە لێی نیشتەجێ بووین لەگەڵ شوێنێکی تر ئەگەر شارەکە یان شوێنەکە دوور بوایە ئەوە ئەبوایە ڕێگایەکی زۆرمان بڕیبوایە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەمان، یان گەیاندنی پەیامەکەمان، بەڵام ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئاسان کاری زۆرپەیدا بووە لەگشت بوارەکانی ژیانەوە، بەتایبەتی ئەو موبایلەی کە ئێستا گشت تاکێك لەنێو کۆمەڵگەکاندا بەکاری دێنێت، بێگومان ئەم مۆبایلەش چەندان لایەنی باش‌و خراپیشی هەیە، کەواتە ئەتوانرێ کاری باش‌و خراپیشی پێبکرێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئاخۆ ڕۆشنبیرۆی بەکارهێنانی لە چ ئاستێکدایە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا؟

بۆیە دەمەوێت هەندیك ئادابی بەکار هێنانی مۆبایل لەڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە بۆ خوێنەری بەرێز بخەمەڕوو لەچەند خاڵێکدا...

١- ڕەچاو کردنی کات زۆرپێویستە، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە تۆ دەتەوێت پەیوەندی مۆبایلی تێدا بکەی کاتێکی گونجاو بێت، کاتی خەوتن نەبێت، هەروەها سەرقاڵی ئیش‌و کارێکی زۆر نەبێت، نەوەك هەندێ کەس کە لەکاتژمێر دوازدە یان یەکی شەو تەلەفۆن بۆ خەڵك دەکەن، هەروەك چۆن لەکاتی چوونە ماڵان پێویستە کاتێکی گونجاو بێت، بەهەمان شێوە ئەبێت کاتی پەیوەندی کردن گونجاو بێت.

٢- دڵنیا بوون لەو ژمارەی کە لێی دەدەی ئەو ژمارەی کەوا لەنێو مۆبایلەکەتدا کە لێی دەدەی بۆ ئەو کەسەی کە دەت هەوێت پەیوەندی پێوە بکەی، ئەبێت دڵنیا بێت کە ژمارەکە هی ئەو کەسەیە کە دەتەوێت پەیوەندی پێوە بکەی، ئینجا ژمارەکە لێبدەی بۆ ئەوەی کەسێك هەراسان نەکەیت، بۆ ئەوەی نەخۆشێك ئازار نەدەی یان لەخەو هەڵی نەستێنی خۆ ئەگەر هاتوو ئەو ژمارەیەی بەهەڵە لێتدا دەبێ زۆر بەهێمنانە داوای لێبوردن بکەی پێی بڵێی ببورە بەهەڵە لێم داوە بەهەمان شێوەش ئەو کەسەی کە بەهەڵە پەیوەندی پێوە کرا ئەبێت زۆر بەهێمنی‌و لەسەر خۆییەوە بڵێت بوورای، تۆش ببورە ژمارەکەت بەهەڵە لێداوە، ئەو کەسەی کە بەرێزت دەتەوێت من ئەو کەسە نیم، نەوەك دەست بکاتن بەهات‌و هاوارو بەتوندی وەڵام بداتەوە، وەك هەندێ کەس کە بەهەڵە پەیوەندی پێوە دەکرێت زۆر بەتوندی دەڵێت جارێکی تر تەلیفۆن نەکەیتەوە نەوەك وادەکەم‌و وادەکەم... هتد.

## پێویستە ڕەچاوی لایەنی ئەخلاقی بکرێت لە بەکارهێنانی مۆبایلدا

٣- ژمارەی زەنگەکان هەروەها لەکاتی پەیوەندی کردن لەشەریعەتی ئیسلامەوە وا پێویستە لە سێ زەنگ تێنەپەڕێت‌و زیاتر نەبێت، بەڵام بەهەر حاڵ کە جارێك ژمارەکە لێ دەدەیت با کاتی ئەم جارە تەواو ببێت ئەگینا لەڕووی شەرعەوە دووبارە بوونەوەی سێ زەنگە، بەڵام بەهەر حاڵ با زەنگی یەکەم تەواو ببێت ئینجا ئەگەر هەڵی نەگرت دووبارە ژمارەکە لێمەدەوە، چونکە مۆڵەت وەرگرتن بۆ چوونە ماڵان سێ جارە هەروەکو خۆشەویستمان(ﷺ) دەفەرموێت (ألإستئذان ذان ثلاث مرات) یان (إنما جعل الإستئذان ثلاث) ئینجا ئەگەر سێ جار لەدەرگاتدا دەرگات لێنەکرایەوە ئەوە دەبێت بگەڕێیتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر زەنگی مۆبایلت لێدا هەڵ نەگیرا چ پێویست بەوە ناکات بەردەوام بیت لەسەر دووبارە کردنەوەی زەنگ بۆ چەندان جار کەسی بەرامبەر بخەیتە ناچاری بۆ هەڵگرتن لەسەرت چونکە بەڕاستی ئەمە شتێکی شارستانی‌و شەرعی نییە هەروەها کە هەڵیشت نەگرت نابێت تۆ تەفسیرو لێك دانەوەی هەڵە بۆ کەسە پەیوەندی پێوە کراوەکە بکەی‌و بڵێی بۆ هەڵت نەگرت، چونکە کەسی بڕوادار دەبێت پاساوی جوان بۆ برای موسڵمانی خۆی بهێنێتەوە، نەك بەخراپ باسی بکاتن، یان بڵێت دیارە من بەهیچ نازانی بۆیە لەسەرم هەڵناگرێ ئەمەو چەند هەلس‌و کەوتێکی تر، نەخێر بەڵك‌و ئەبێت پاساوی بۆ بهێنیەوەو بڵێی وادیارە کاتی نیە یان لە بۆ نەیەکە یان لەکۆبونەوەیەکە یان سەرقاڵی کارێکە بۆیە هەڵی نەگرت، خۆی لەخۆیدا ئەم زەنگ لێدانی مۆبایل وەکو لەدەرگە دان‌و مۆڵەت وەرگرتنە بۆ چوونە ماڵان هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت (ياأيها الّذين آمنوا لاتدخلوا بيوتا غير بيوتكم حتّى تستأنسوا وتسلّموا على أهلها).

٤- ڕەچاو کردنی ماوەی قسەکردن: واتە لەکاتی پەیوەندی کردن بە مۆبایل بەکەسی بەرامبەرت، هەوڵ بدە قسەکانت کورت بکەیتەوە، چونکە مۆبایل بۆ چیرۆك‌و سەر گوشتەو حەکایەت کردن نیە بەڵکو بۆ کاری بەپەلەو سەرپێییە هەوڵ بدە پەیامەکەت بەیەك دوو خولەك بگەیێنە، نەك بیکەی بەحیکایەتی ڕۆستەمی زاڵ، چونکە دەبێت تۆ بیر لەوە بکەیتەوە وادابنێیت کە سەکە بواری قسەکردنی زۆری نییە یان بەڵکو سەرقاڵی کارێکەو بۆی ناکرێت درێژە بدات بەقسە کردن. ئەگەر بابەتەکەت قسەی زۆری دەوێت ئەوە دەتوانی کاتێکی لەگەڵ دیاری بکەیت بۆ ئەوەی چاوتان بەیەکتر بکەوێت ئینجا بەتێرو تەسەلی قسەی لەگەڵدا بکەیت لەکات‌و شوێنێکی دیاری کراودا یان دەتوانی لەکاتی پەیوەندی کردندا بە کەسی پەیوەندی پێوەکراو بڵێی ئایا کاتتان هەیە درێژە بەقسە کردن بدەم یان نا؟ واتە روخسەتی لێوەر بگری.

٥- گاڵتە نەکردن بەخەڵك واتە تۆی موسڵمان شایەنی ئەوە نییە گاڵتە بەخەڵك بکەیت‌و خەڵك بخەیتە دڵەڕاوکێ یان خەڵك بەمۆبایل بتۆقێنی‌و یان هەڕەشەیان لێبکەی هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت (ياأيها الّذين آمنوا لايسخر قوم من قوم عسى أن يكونوا خيرا منهم ولا نساء من نساء عسى أن يكنّ خيرا منهنّ) هەروەها ئاینی پیرۆزی ئیسلام قەدەغەی کردوە موسڵمان موسڵمانی بترسێنێ‌و هەڕەشەی لێبکاتن.

٦- مۆبایل بۆ ئەوە نییە تۆ بچی قسەی ئەو کەسەی تۆمار بکەی کە پەیوەندی لەگەڵدا دەکەیت بەبێ مۆڵەت وەرگرتن، چونکە بەڕاستی ئەمە دەبێتە خیانەت کە تۆ بچی قسەکانی تۆمار بکەیت‌و لەپاشان بچیت لەنێو خەڵکدا بڵاوی بکەیتەوە، بەڕاستی زۆر کەسی واهەیە بەرنامەی تۆمار کردنی بێدەنگی لەنێو مۆبایلەکەی خۆی داناوە بۆ ئەوەی کەسە پەیوەندی پێوەکراوەکە هەست نەکات کە قسەکانی تۆمار دەکرێن، لەڕاستی دا ئەمە دەبێتە سیخوڕی جاسوسی کە بێگومان ئەمە شیاوی موسڵمانان نیە زۆر جاران هەندێك لەڕاگەیاندنکاران تەلیفۆنت بۆ دەکەن بێ ئەوەی پرست پێبکات قسەکانت تۆماردەکاتن، دواتریش کامەی بەدڵی ئەو بێت ئەوی دادەبەزێنێت‌و بڵاوی دەکاتەوە ئەوی تریش دەسڕێتەوە، کە بێگومان ئەمە دوورە لەبنەمای ڕۆژنامەگەری.

## ناکرێ مۆبایل بۆ گاڵتە پێکردن‌و سوکایەتی‌و قسەی ناشیرن‌و جاسوسی‌و هەڵخەڵەتاندن‌و وێنەگرتنی خەڵکانی تر بەکار بێت

٧- وێنە گرتنی خەڵك بەبێ مۆڵەت زۆر کەس هەیە وێنەی خەڵك دەگرێ بەبێ ئاگاداری یان دەبینی کەسەکە لەحاڵەتێکی نارێك دایە ئەو دەچێت‌و ێنەی دەگرێت‌و بڵاوی دەکاتەوە یان دەچێت وێنەی کچ‌و ژنی خەڵك دەگرێت بۆ مەبەستە گلاوەکانی خۆی بەکاری دەهێنێ یان دەچێت بەمۆبایل وێنەی ڤیدیۆیی دەگرێت بەبێ ئەوەی کەسەکە ئاگاداربێت یان وێنەی ڤیدیۆی کچ‌و ژنی خەڵك دەگرێ یان بەدووربین نزیکیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەیریان بکاتن لەئاکامکدا کارەساتی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی لەیەکتر ترازانی چەند خێزانێك کە ئەمەش لەڕوانگەی شەریعی ئیسلامەوە حەرامە.

٨- ئەگەر مۆبایل بەپێی ئاداب‌و ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلام بەکار نەهێندرێت‌و سنووری شەرع ببەزێنی ئەوا ئەوکاتە بەکارهێنانی مۆبایل حەرامە.

٩- مۆبایل نەکرێتە ئامرازێك بۆ هەڵ خەڵەتاندنی خەڵك بەتایبەت ئێستا کە دەتوانی پارە بۆ یەکدی بنێری ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی ئاسانکاری‌و زۆرباشە، بەڵام زۆرجاران بویتە مایەی فێر لێك کردن وەك ئەوەی کەسێك شارەزا نەبێت یەکسەر پێی دەڵێت من بەهەڵە کارتم بۆ ڕەوانە کردوی بۆم بنێرەوە ئەویش نازانێت یەکسەر پارەی خۆی بۆ دەنێرێت کە بەڕاستی ئەمە کارێکی زۆر نارەوایەو حەرامیشە.

١٠- زیادە ڕۆیی نەکردن بەمۆبایل واتە ئەوندە قسە بکەی کە پێویستت پێیتی، نەك ڕۆژانە چەند کارتێك بکری‌و قسەی پێبکەیت کە زۆرجاران هەندێك لەئافرەتان تووشی ئەم حاڵەتە دەبن لەتەلیفۆن باسی دروست کردنی چێشت‌و ئیشی ماڵەوە بۆ یەکتر دەکەن، کە بێگومان ئەمە دەچێتە بابی ئیسراف کە خودای گەورەش کەسی زیادەڕۆی خۆش ناوێتن.

هیوادارم ئێمەی موسڵمانی کورد فێری ڕۆشنبیری بەکارهێنانی مۆبایل ببین‌و بۆ کاری باش بەکاری بهێنین.



# ڕۆڵی مەزارگەکان لەپاراستنی ژینگەدا

**ن: عەبدولهادی شێخانی**

هەر لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا ژینگە ڕۆژانە تووشی دەیان بگرە سەدان کارەسات هاتووە، بەجۆرەها شێوە دارو درەختەکان لەڕەگ‌و ڕیشە هەڵتەکاندراوەو بڕاوەتەوە دیارە کوردستانیش بەدەر نییە لەبڕینی دارو درەخت بەگشتی، داری بەڕوش بەتایبەتی، چونکە لەکاتی زوو کوردستان زۆربەی شوێنەکانی خاوەن دارستانێکی چڕو پڕبووە، هەروەك دەبینن لەچەند شوێنێك هەتاکو ئێستا چەند دارێك بەگەورەیی ماینەوە کە تەمەنێکی زۆریان هەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەوا ئەم شوێنانە دارستان بووینە، بەڵام بەهۆی هەڵسوکەوتە چەوتەکانی مرۆڤ یاخود پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان چ بۆ چێشتلێنان بێت، یاخود بۆ گەرمکردنەوەی زستان بێت، یا بۆ ڕەژوو کردن بێت دەستیان بڕیوەتەوە دار بڕین بەبێ ئەوەی جیاوازی بکەن لەنێوان داری تەڕو وشك، هەرچەندە دەبوایە دارە وشك بووە کانیان بەکار بهێنابایە، بەڵام دیارە تا ئێستا تێنەگەیشتنی مرۆڤو بەرژەوەندی یەکانی وای کردووە کەوا هیچ شتێکی لەبەرچاو نەبێت، کە دەبێتە مایەی تەندروستی‌و ژیانێکی پڕ لەئارامی بۆی، چونکە مرۆڤ ڕۆژانە پێویستی بە (١٥) کغم ئۆکسیجین هەیە ئەگەر دار دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵنەمژی ژیانی ئێمە تەنگ دەبێت، تووشی دەیان نەخۆشی‌و تێکدانی ژینگە دەبێت، هەروەك دەبینین لەم دوایانەدا خۆر لەو ناوچانەی کەوا بووینە بیابان چ کارەساتێکی ژینگەیی تێدا ڕوودەدات وەك گەرمای ڕادە بەدەرو نەبوونی باران‌و هەڵکردنی تۆزو خۆڵێکی زۆر کە ڕۆژانە تەندروستی خەڵك دەخاتە مەترسیەوە، هەرچەندە حکومەتی هەرێم هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ پاراستنی ژینگە، بەڵام تاکو ئێستا نەتواندراوە ناوچەکان سەوز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دوور بین لەبیابان بوونی وڵات ئەگەرچی تاکو ئێستا سەرپێچی کارانی ژینگە لەتێکدانی بەردەوامن، چ لەکوشتنی ئاژەڵەکان‌و باڵندەکان‌و بڕینی دارو درەخت‌و داگیرکردنی سامانی ئاوی، ئەمەش تەنها بەیاسا چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە هوشیاری ژینگە پارێزی چارەسەر دەکرێت، کاتێك هۆشیاری لەلای تاکی هاووڵاتی دروست بوو کە خۆی بەخاوەنی ژینگە زانی ئەو کات دەتوانێت ژینگە لە پیس بوون‌و لەناو چون بپارێزین، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ڕۆڵی مەزارگەکانە لەپاراستنی ژینگەدا کاتێك گەشتێك بەکوردستاندا دەکەی جگە لەناوچەی بارزان نەبێت هەست ناکەی کەوا کوردستان ژینگە بێت، بەڵکوو هەست دەکەی دارو درەخت‌و ئاژەڵەکان بەرەو لەناوچونن، ئەمەش مایەی دڵگرانی هەموو نیشتمان پەروەرێکە، تەنها ئەو شوێنانەی کەوا سەوزن بەدارو درەخت ڕازاونەتەوە ئەو شوێنانەی مەزارگەی شێخ‌و پیاو چاکانن بەهۆی ئەو باوەڕەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە کەوا هەرکەسێك دارێك ببڕێت زیانی پێدەگات، بۆیە ئەو شوێنانە هەتاکو ئێستا بەسەوزاییەکی زۆر جوان ماینەوە، گەر ئەم مەزارگانە نەبانە لەڕاستیدا ئێستا خاوەن ئەو دارو درەختەش نەدەبووین، ئێستا کوردستان لەناو چەیەکی بیابان دەچوو، ئەوکات بێبەش دەبووین لەو هەموو جوانی سروشت‌و تەندروستیە کەوا بەهۆی دارو درەخت پێمان دەگاتن، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کەوا هەموو کاتێ بیرو باوەری مرۆڤ ڕۆلێکی گرنگ دەگێرێ لەپاراستنی هەر شتێك کە بمان هەوێتن، بۆیە پێویستە جگە لەڕووی یاسا هۆشیاری بیرو باوەریش دروست بکرێت، وە بایەخ بەو دارو درەختانە بدرێت‌و بپارێزرێن، کە ببێتە مایەی هەر لەناو چونێك، پێویستیشە بایەخ بە مەزارگەکان بدرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە دارو درەختەکانمان لەمەترسی لەناوچوون رزگاربکرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش وەك وڵاتانی پێشکەوتوو ببینە خاوەن دارستانێکی جوان‌و ڕازاوە، کەوا ڕوخسارو شاخ‌و دۆڵ‌و دەشتایی کوردستان برازێتەوە لەو هەموو جوانی‌و دیمەنە دڵ ڕفێنانەو بێبەش نەبین تێیدا، هەرچەندە خۆزگەمان دەخواست هەموو کێوو دۆڵەکانی کوردستان پڕ ببان لەدارو درەخت، بەڵام گەرچەندان مەزارگەمان هەبایە ئێستا خاوەنی دارستان‌و سەوزایەکی زۆر دەبووین، بۆیە دەڵێم خۆزگە زۆربەی ناوچەکانمان مەزارگەی پیاو چاکان بوایە تاکوو ژینگەیەکی ئەوتۆمان هەبوایە ئەمڕۆ جێگەی شانازی هەموو ژینگە بایە.

# گرنگترن (٣٥) خاڵ بۆ بەرەو ژیانێکی سەرکەوتوو

**هیمداد خالد**

١- چاودێری بۆچوونەکانت بە، چونکە دواتر دەبێت بەوشە وە چاودێری وشەکانیش بکە لەبەر ئەوەی دواتر دەبێت بەکردار، هەروەها چاودێری کردارەکانت بە، چونکە دواتر دەبێت بە نەریتی ژیانت وە چاودێری نەریتەکانت بە لەبەر ئەوەی دواتر دەبێت بە کەسایەتیت لەئەنجامدا کەسایەتیشت دوارۆژت دیاری دەکات.

٢- ئەم پرسیارانە بەردەوام ئاراستەی خۆت بکە: من کێم؟ وە چۆن گەیشتم بۆ ئێرە؟ وە دەمەوێت بۆ کوێ بڕۆم؟ وە بۆ چی ئەمەوێت بڕۆم؟ وە چ شتێك بەربەستە لەسەر ڕێگام؟ وە چۆن زاڵدەبم بەسەریاندا؟

٣- کاتێك ڕێگای بیرکردنەوەت ئەگۆڕیت ئەوا بزانە جیهانی خۆت گۆڕیوە.

٤- بەدڵنیایەوە بزانە ژیانی ئێستات لەبەرهەمی بیرکردنەوی رابردووت دروست بووە.

٥- هیچ کەسێك بە ئەندازەی خۆت ناتوانێت بتگەیەنێت بەسەرکەوتن.

٦- بزانە بیرکردنەوە ئەنجامی هەموو کردەوەیەکە جا ڕێگای بیردکرنەوەکانت بگۆرە گۆڕانکاری بەسەر کردەوەکانتدا دێت.

٧- ئەگەر ئارەزووێکی راستت هەبێت بۆ رزگاربوونت لەخوو نەریتە خراپەکان ئەوا بەدڵنیایەوە لە ٥١٪ نەریتەکان رزگارت بووە.

٨- بزانە ناتوانیت بەختەوەری بکریت بەهەموو سەروەتی دونیا لەبەر ئەوەی مەملەکەتی بەختەوەری لەجۆری هەست‌و بیرکردنەوەتدا هەیە.

٩- بزانە کە متمانەی خەڵك بەتۆ لەئاست متمانەی خۆتە بە خۆت.

١٠- بەدوای هەڵەکاندا مەچوو بەڵکو بەدوای چارەسەردا برۆ.

١١- مادام تۆ ئیمانصکی پتەوت هەیە بە سەرکەوتن بە دلنییایەوە کەس ناتوانێت ڕێگربیت لەسەر ڕێگاتدا

١٢- ئاسانترن ڕێگا بۆ ڕێکخستنی کارەکان ئەوەیە هەر کارەو لەکاتی خۆیدا ئەنجامی بدەیت.

١٣- فێربە هەروەك ئەوەی لەسەرەتا دایت.

١٤- داوا لە خوا بکە کە دڵنیایت گوێی لێتە.

١٥- تۆ توانات هەیە بۆ سەرکەوتن ئەگەر بیرت لەسەرکەوتن کردەوە.

١٦- بۆ ئەوەی گەورەبیت پێویستە بیرکردنەوەکانیشت گەورەبێت.

١٧- هەر کاتێك زانیاریت لەهەر بوارێکدا زیاد بوو ئەوا متمانەت بەخۆت زیاد دەبێت.

١٨- نووسینی ئامانجەکانت لەسەر کاغەزێك رێژەی گەیشتنت بەئامانجەکان زۆر زیاتردەکات.

١٩- هیچ شتێك نییە بەربەست بێت بۆ گەیشتنت بە لوتکە تەنها خۆت نەبیت کاتێك بەڕەشبینیەوە دەروانیت بۆ شتەکان.

٢٠- فێربە لەکەسی بەئەزمون‌و زانا لەبەرئەوەی تەمەن بوار بەوە نادات تا بتوانیت هەموو شتەکان خۆت فێری بێت.

٢١- هەرگیز سەروەت‌و سامان مەکە پێوەر بۆ بەختەوەری.

٢٢- ئاگاداری رەخنەی روخێنەر بە.

٢٣- لەژیانتدا هەلی زۆرت بۆ دەرەخسێت جا هەرکات لە ئامادەباشی دابە لەکاتی هاتنە پێشی هەڵەکان دا.

٢٤- سەرکەوتن کردارە نەوەك کۆتایی.

٢٥- پێناسەیەکی گشتی نییە بۆ سەرکەوتن چونکە هەر کەسەو روئیای تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بەو شتەی کە دەیەوێت پێی بگات‌و بەدەستی بێنێت.

٢٦- ئارامگرتن باشترین چارەسەرە لەکاتی هەر گرفتێکدا.

٢٧- هاوکێشەی سەرکەوتن لەژیاندا ئەوەیە: بریاردان+ پابەندبوون+ ملکەچ نەبوون.

٢٨- لەناختدا سووربوون لەسەر سەرکەوتن بچێنە.

٢٩- هەوڵەکانت دووبارە بکەوە ئەگەر بۆ هەزار جاریش بێت.

٣٠- غەم‌و پەژارەکانت بەدەستی خۆت دروستیان دەکەیت.

٣١- لەسەر ڕێگای سەرکەوتندا ڕووبەڕووی ئەو شتە دەبێتەوە کە پێش بینیت بۆ نەکردووە.

٣٢- ئامانجەکان جولێنەرە بۆ ژیانت.

٣٣- سەرکەوتن هەمو شتێك نییە، بەڵام ئارەزوو بۆ سەرکەوتن هەموو شتێکە.

٣٤- گرنگ ئەوە نییە لەژیانتدا دەکەویت بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئایا بۆ جاری دووەم دەتوانیت هەلسیتەوە.

٣٥- ئەگەر چاوەڕیێ هەلێکت کردو بۆت نەهات بۆچی هەوڵی بۆ نادەیت؟

